دەرگەی چوارەم

ڕۆشنبیری و فێرکردن

بەشی یەکەم: نیشانەو بیردۆزو نەریت

کەلەپوری ڕۆشنبیری پێش ئیسلام

وادیارە ئاسان نی یە قسە بکرێت دەربارەی بزووتنەوەی فێرکردن، لە ڕووی ڕاستی و ئاستو ڕێبازو دەزگاکانی، بە شێوەیەکی وردو گشتگیر بۆ ئەو ناوچە فراوانەی کە ئیسلام حوکمی دەکرد لەسەردەمی پێغەمبەر (ﷺ)و خەلیفە ڕاشیدینەکان، چونکە ئیسلام لە ماوەیەکی کەمدا لە لای خۆراسانی ڕۆژهەلاتەوە درێژبوویەوە بۆ ئەفریقا (تونس)، ئینجا لە ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵەوە بۆ دەریای عەرەب، ئەو ناوچانەش کە ڕووبەرەکەیان دەگەنە (٣,٥٠٠,٠٠٠) میلی چوارگۆشە[١]، کە ناوەندی شارستانی یە جیهانە کۆنەکانی دەگرتە خۆ، لە عێراق و میصر، کە لەوێ ژیارە سۆمەریو ئاشوریو بابلیەکان لە عێراق، ژیاری فیرعەونیش لە میصر هەبوون.

سەرەڕای ئەوەش مێژوو باسی سەرهەڵدانی نووسینمان بۆ دەکات لە عێراق (٣٠٠٠ پێش زاینی)، کتێبخانەی ئاشور پانیبالۆ ئەو کۆمەڵە تەختانەی کە تەنها لە شاری نوففەر دۆزرانەوە، کە سی هەزار نووسراوی تیادایە لە جۆرەکانی زانست[٢]، هەروەها کێلەنووسی حەمورابیو دەقە یاسای یەکانی، هەروەها باسی دیاردەکانی تری پێشکەوتنی وێنەییو هونەری جۆراوجۆری بۆمانکردووە لە عێراق.

مێژوو بە هەمان شێوە باسی نووسینی هێرۆگلیفیو شوێنەوارە فیرعەونی یەکانی بۆ کردووین، کە ئاماژەی بەهێزی تێدایە بۆ پێشکەوتنی میصری یەکان لە زانستو ژیاردا بە تایبەت لە پزیشکیو ئەندازیاریو نیگارو شێوەکاری، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەو شارستانی یەتانە لەناوچووبوون پێش سەرهەڵدانی ئیسلام بەماوەیەکی زۆر، بەهەمان شێوە شارستانیەتەکانی مەعینو سەبەءو حیمیەر لە یەمەن لەناوچووبوون، لە کاتێکدا نووسین تەشەنەی کردبوو خەتی موسنەدیش دەناسرا.

---

١) محمد حميد الله: الوثائق السياسية (لاحظ الخارطة مقابل : ٥٤٢).

٢) وزارة الثقافة والاعلام العراقية: العراق في التاريخ ٥٦، ٥٩.

ئەو شتانەی کە دەیزانین دەربارەی ناوەندەکانی زانستو ڕۆشنبیری جیهان لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام زۆر کەمن، هێزە جیهانی یە هاوچەرخەکان لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیسلام خۆیان دەبیننەوە لە هەردوو ئیمپراتۆری یەتی ساسانیو بیزەنتی، ئیسلام یەکەمیانی لەناوبرد، ئەویتریشیانی کوورتکردەوە لە حەوزەی دەریای ناوەڕاستی باشوورو ڕۆژهەلاتدا کە داگیرکراوە دەوڵەمەندەکانی لەوێ بوون، بەڵام بەردەوام هەر بەرهەڵستکاری دەکردو نەیاری ئاینیو ڕۆشنبیری دەکردو شارەزایی لەگەڵ ئاڵوگۆڕ دەکرد لەڕێگەی پەیوەندی یەکانی شەڕو ئاشتی.

لە ڕێگەی ئەو زانیاریە دەگمەنانەشەوە کە مێژوو پاراستوویەتی بۆمان، ئاشنایمان پەیدا کرد لەگەڵ ناوەندێکی ڕۆشنبیری گرنگ لە زانستەکانی پزیشکیو فەلسەفە، کە خۆی دەبینێتەوە لە کتێبخانەی ئەسکەندەری یەی بەناوبانگ کە ڕۆشنبیری ئەغریقیو کتێبە بابلیەکان کە زانایان سەرقاڵی وەرگێڕانو راڤەکردنیان بوون هەموو ئەوانەی پاراست بۆمان.[1]

ناوەندێکی تریش بەهەمان شێوە لە جوندیسابوور کە کیسرای ئەنەوشیروان هەڵسا بەدامەزراندنی قوتابخانە باڵاکان بۆ فێرکردنی پزیشکی، هەروەها فەرمانی کرد بە گواستنەوەی کتێبە زانستی یەکان لە زمانەکانی سریانی، یۆنانی، سەنسکریتی بۆ زمانی پەهلەوی، کە لەو سەردەمەدا زمانی فارسەکان بوو.[2] چەند ئاماژەیەکیش هەیە بۆ هەندێ چالاکی ئەندێشەی لە کڵێسە مەسیحیەکان یان قوتابخانەی جولەکەکان، بە تایبەت لە ناوچەی روها کە سریانی یەکانی تێدا چالاك بوون، جگە لە چەند ئاماژەیەکی تر بۆ پەرستگا میصریە کۆنەکان کە کتێبی زانا کۆنەکانی میصری پاراستبوو، لەوانە پەرستگای سیرابیس لە ئەسکەندەریەو[3]، پەرستگای ئەخمیم کە یۆنانیەکان دایانمەزراند لە میسری سەروو، ناویشی لێنرابوو "دار الحكمة لقدماء اليونان".[4] هەروەها هەندێ تێبینی دەخوێنینەوە دەربارەی چەندێتی بایەخدانی نەتەوە دێرینەکان بە زانستە جیاجیاکان لەلای ساعیدی

---

1) ابن النديم: الفهرست ٢٣٩ـ ٢٤٠، القفطي: تأريخ الحكماء ٧١، ٣٥٦.

2) نابينو: علم الفلك تأريخه عند العرب ١٨٠ـ ١٨١.

3) المقريزي: خطط ١٣٣.

4) إبن النديم: الفهرست ٢٣٨ـ ٣٥٢.

ساعیدی ئەندەلوسی (٤٦٢ك) لە کتێبی (طبقات الامم) لەو کتێبەدا باسی گرنگیدانی گەلانێك دەکات بە زانست، وەکو هنوود، کلدان، یۆنان، رۆم، خەڵکی میسر، عەرەبو بەنی ئیسرائیل.[١]

بایەخدانی ئەو گەلانە زیاتر لەسەر مێژوو وێژەو فەلسەفەو پزیشکیو گەردووناسیو ئیسرائیلیات (مێژووی پێغەمبەران). ئاشکرایشە کە هیچ کام لەم زانستە نووسراوانە بە زمانی بیانی شوێنەوارێکی بەجێنەهێشت لەسەر رۆشنبیریو فێرکردن لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺو خەلیفە راشیدینەکان جگە لە ئیسرائیلیات نەبێت کە هەندێ لە یارو یاوەران شارەزایان بوو دەربارەی بە وریای یەکی زۆرەوە. بەڵام بەداخەوە مێژوو ئەوەندەی بۆ نەگێراوینەتەوە کە بەشی واقیعی فێرکردن ئاشکرا بکات لەو ناوچە فراوانەی کە ئیسلام حوکمی دەکرد لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺو خەلیفە راشیدەکان، کە دانیشتووەکانیان هەمەجۆر بوون لە نێوان عەرەبو فارسو سریانیو کوردو ئەرمەنو قیبتدا، هاوکات رۆشنبیریو ئاینو بیروباوەڕیشیان هەر جیاواز بووەو بارودۆخی ئازادی ئاینی کە ئیسلام فەراهەمی کردبوو.

ئالێرەشەوە، ئێمە بە تەواوی زانیاریمان نی یە دەربارەی سروشتی دەزگاکانی فێرکردن لە ناوچە فەتحکراوەکان و پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتو کۆمەڵگادا، هەروەها نازانین تاکو چی رادەیەك فێرکردن بڵاوبوو، پێوەرەکانی رۆشنبیریش چی بوونە، هیچیشمان پێنەگەیشتووە دەربارەی ژمارەی خوێندکارانو ئاستەکانیانو ئاستی مامۆستاکانو سروشتی ئەو زانیاریانەی دەیانگەیاندە خوێندکاران، نە پەیوەندی ناوەندە رۆشنبیریو دەزگاکانی فێرکردن لە نێوان خۆیاندا لە نێوان دەوڵەتداو پەیوەندیان لەگەڵ قوتابخانەکانی لە دەوڵەتەکانی تر. ئەمجا دەرەنجامی ئەوانە هەمووی لە پاشی فتوحاتی ئیسلامی؟

مێژوو وەڵامی ئەم پرسیارانە ناداتەوە، لەوانەشە هەتاهەتایە هەر نەیداتەوە، مەگەر هەندێ سەرچاوەی ترمان دەستکەوێت لەژێر خاکدا بن، یان ونبووبێت لە نێوان ئەو هەموو کتێبانەی کە هێشتا زیندانو کەس هەڵنەساوە بە پێڕست بۆ دانانیانو لێکۆڵینەوەیان، چونکە ئێمە لەم بیست ساڵەی کۆتایدا زانیاریمان زیادی کرد دوای ئەوەی بۆیەکەمجار کۆمەڵێك سەرچاوەی مێژوویی بڵاوکراوەتەوە، کە ئەوەیش دەبێتە مایەی پەیدا کردنی هیوا بۆ ئایندە. سەبارەت بە زانیاریشمان

---

١) صالح احمد العلي: تأريخ العماء وفهارس المصنفات في المصادر العربية (مجلة المجمع العلمي العراقي، المجلد الرابع والثلاثون١: ٦ـ ٧).

دەربارەی واقیعی فێرکردن لە حیجاز لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺو خەلیفە ڕاشیدەکان، ئەگەر چی پەرتەوازەیە، بەڵام ڕوونترە، بەهۆی گرنگیدانی مێژوونوسە موسڵمانەکان بە ئەو ماوەیەو نووسینەوەیان بۆ بەسەرهاتو ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺو هەواڵی خەلیفە ڕاشیدەکان بە تێرو تەسەل، لەبەر ئەو گرنگیە ئاینیو وتە شەرعی یەی کە هەیانە.

هەندێ زانیاری پەرتەوازە هەیە دەربارەی چەند کەسێك لە عەرەبی لە حیجاز کە شارەزا بوونە لە خوێندنەوەو نووسینو حیساب، کە پێویستی یەکانی ژیان زانینی ئەوانەی سەپاندبوو، بەتایبەت لە کۆمەڵگای بازرگانی لە مەککە، یان لەلای کەمێتی جوولەکە جێگیربوون لە یەسریبو، هەڵدەستان بە بازرگانیو کشتوکاڵیو کەلە پوری ئاینی خۆیانو نووسینەوەی بەزمانی عیبرانی.

بێگومان ناوی ئەو خوێندکارانەی کە سەرچاوەکان باسیان کردووە بە سەرژمێرێکی ورد دانانرێت، بەڵام نابێت زیادەڕۆیی بکرێت لە بۆچوونی ئەوەی کە فێرکردن لەوە زیاتر بلاوبووە، چونکە لە بنچینەوە کەچی ژمارەی قوتابی یەکان وایکردووە مێژوونوسەکان ناویان بنووسن.

(البلاذری) دەگێڕێتەوە کە ژمارەی ئەو نووسەرانەی کە هەبوون لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە حەڤدە پیاو بوون.[1]

سەرچاوەکان ناوی هەندێ نووسەریشیان نووسیوە، بۆ نموونە ئومەیەی کوڕی ئەبی سەڵت دەیڕوانی یە کتێبو دەیخوێندەوە لەسەردەمی جاهیلیدا .[2] کردۆسی کوڕی عەمریش "کتێبی دەخوێندەوەو هەندێ ڕستەی وەردەگێڕا لە ئیجیلەوە".[3] قورئانی پیرۆزیش بۆمانی گێڕاوەتەوە کە هەندێ لە جوولەکەکان شارەزایان بووە لە نووسیندا. لەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: (فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَـذَا مِنْ عِندِ اللّهِ لِيَشْتَرُواْ بِهِ ثَمَناً قَلِيلاً فَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَّهُمْ مِّمَّا يَكْسِبُونَ).[4]

بێگومان هێنانەوەی زاراوەگەلێك وەکو (الكتابة)و ئامرازەکانی لە قورئانی پیرۆزدا وەکو (اللوح و القرطاس و العلم و المداد) بەڵگەن لەسەر ئاستی ئەوانەی ئاڕاستەکراوە هەروەها ئاستی دەربڕینو

١) البلاذري: فتوح البلدان ٦٦٠ـ ٦٦١.

٢) البلاذري: فتوح البلدان ٥: ٥٠٤.

٣) ابن حجر: الاصابة ١: ٢٥٠.

٤) البقرة ٧٩.

ئەندێشەی قورئانی پیرۆز ئاستی ڕۆشنبیری عەرەب دەردەخات لەکاتی دابەزینیدا، چونکە ڕووەکانی ڕەوانبێژیو واتاکانی دانایيو مشتو مڕو پێواندنی عەقڵی هەموو ئەوانە پێویستیان بە ئاستێکی ڕۆشنبیریو توانایەکی زمانەوانیو عەقڵی هەیە لەلایەن ئەوانەی کە بەسەریاندا دابەزیوە. ئینجا قورئان خۆی لە خۆیدا موعجیزەیەکی ڕاگەیاندنە پێش هەموو شتێك ـ ئەگەرچی بە لای هەندێکەوە جۆری تری لە ئیعجاز تیایە ـ خوای گەورە بەرەنگاری عەرەبی پێکرد، چونکە ئەوان بایەخیان دەدایە هونەری قسەکردن، تاکو بووە خولیایان لە هەموو کۆڕوو کۆمەڵەکاندا، بەڵکو لە هەموو ژیاندا.. بەرەنگاریش ناگاتە ئاستی خۆی یان موعجیزە بە هەمان شێوە تاکو نەتەوەیەك دەستەوسان نەبێت بەرانبەر ئەوەی شتێك وەکو قورئان بلێت.

سەیریش نی یە کە ئاستی ڕۆشنبیری ئەوەندە بەرزبێت وێڕای کەمی ژمارەی نووسەرەکان، بەڵکو لەوانەیە ئەوە هۆکارێك بێت بۆ لەبەرکردنو تیژی هزریو پشتبەستنی بە نەژادی خۆڕسك.. پێویستیشە جیاوازی بکرێت لە نێوان ڕۆشنبیریو فێربوونی نووسین، چونکە زانستو نەریت دەکرێت بگوێزرێنەوە لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لەڕێگەی بەردەوامی نەوەکان، تەنانەت لەنێو کۆمەڵگا نەخوێندەوارەکاندا خێزانو هۆزیش لەسەر کەلەپوری ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگای عەرەب پێش ئیسلام دامەزراوە، گفتوگۆی شەو لە کۆڕی هۆز کە شاعیرو ڕەچەڵەکناسو مێژووناسەکان ئامادەی دەبوون، هەروەها بازاڕە وێژەی یەکان کە هۆزەکان تیایدا کۆدەبوونەوە، هۆنراوەیان تیادا ئاڵو گۆڕ دەکردو شانازیان دەکرد بە نەژادو هەواڵەکانی سەختێتیو مەردایەتی خۆیانەوە، ئەوانە گرنگترین هۆکارەکانی گواستنەوەی کەلەپوور بوون کە گەشەیان دەکرد بەخستنەسەر لەلایەن نەوە داهاتووەکان بۆ نەوە ڕابووردووەکان. ئەم کۆبوونەوانەش هەلێکی گرنگی ڕەخساند بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ڕۆشنبیریو زمانەوانی، هەروەها یەکخستنی پێوەرە ڕەخنەیو زمانپاراوی یەکانو نزیککردنەوەی نێوان زمانەکانی عەرەبو ڕێگاشی خۆشکرد بۆ تێگەیشتنی قورئان کە بەزمانی قوڕەیش دابەزیوە.

باسی یەکەم: نیشانە گشتی یەکانی فێرکردن

پشتبەستن بە بیرەوەری چاك بۆ گواستنەوەی کەلەپوورو بایەخنەدانی زۆرینەی عەرەب بەفێربوونی نووسینو خوێندنەوەی، بوونە ڕێگرو تەگەرە بۆ سەرهەڵدانی دەزگاکانی فێرکردن، هیچ شتێك لەو بارەوە دروست نەبوو جگە لەو حوجرانەی کە لە بازنەیەکی دیاریکراودا وەکو مەککەو تایفو یەسریب بڵاوبوونەوە، ئیتر فێرکردنێکی گشتی نەبوو، بەڵکو نەخوێندەواری زاڵ بوو، لە فەرموودەیەکیشدا هاتووە: "إنّا أمة أمية لا نكتب ولا نحسب".[1] واتە: ئیمە نەتەوەیەکی نەخوێندەوارین، نازانین بنووسین یا بژمێرین، بۆیە نەریتێکی گەڵاڵە کراو نەبوو بۆ فێرکردن، بەڵام ئیسلام هەموو مەشخەڵانی دیاریکرد، گرنگی زانستی ئاشکرا کردو بەستیشی بە ئاینەوە، بەم شێوەیەش پلەو پایەی زانایانی بەرزکردەوە، نەریتی فێرکردنی بە قوڵیو گشگیری ڕوونکردەوە، بەشێوەیەك بوو بە نموونەیەك سەیر دەکرا بۆ چەندین سەدەی داهاتوو، تاکو ئێستاش توانای هەیە لە بەها ڕۆشنبیریو پەروەدەی یەکانمان پێبەخشێت، چونکە لەوانەیە یەکێك بێت لە بەخشینەکانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺو خەلیفە ڕاشیدەکان لە بواری فێرکردندا.

بزووتنەوەی فێرکردن لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺو خەلیفە ڕاشیدەکان دامەزرا لەسەر ئەستۆی پیاوانێك کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، بەڵام هاندەری بەهێزی ئاینی ـ کەوای کرد ئوممەت ئامانجەکانی دیاریبکاتو هێزەکانی یەکبخات بۆ پێگەیشتنی ـ ناوەندێکی گونجاوی کرد بۆ بڵاوبوونەوەی زانستو فێرکردنی، دوای ماوەیەکی کەمیش شوێنەواری بزووتنەوەی فێرکردنی نوێ لە دەرخستنی وزە شاراوەکاندا سەری هەڵدا، بۆیە بینرا کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵکی بایەخ دەدەنە هزرو زانست، توانای داهێنانیش لە گۆڕەپانە جیا جیاکاندا دەرکەوتو بەشداری کرد لە دروستکردنی تەلاری ڕۆشنبیریو شارستانی نوێ. بێگومان گونجانی بیرو باوەڕو ئەندێشەیو کۆمەڵایەتی، هەروەها ڕوونبونەوەی دید بەدیاریکردنی ئامانجە گشتی یەکانی دەوڵەتو کۆمەڵگا، هەموو ئەمانە بزووتنەوەی فێرکردنیان پێشخستو پەرەپێدا، بەڵکو بزووتنەوەی ڕۆشنبیری بەگشتی، بووە هاوشانی پێشکەوتنی سەربازیو سیاسیو چارەسەرکردنی گرفتە نوێ یەکان لە دەوڵەتی فراواندا. دیاریکردنی ئاڕاستەی فێرکردنو ئامانجەکانی بۆ یەکەمجار یەکێك بوو لە بەخشینەکانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺو خەلیفە ڕاشیدەکان، ئەم هاندەرە بەهێزو ڕێخەرە

---

[1]) رواه مسلم: الصحيح ٢: ٧٦١.

تازانەیش بوون بە هۆکارێك بۆ بڵاوبوونەوەی فێرکردن بە خێرای یەکی لە ئاسا بەدەر، واقوڕمانی مرۆڤ بەرانبەری کەمتر نی یە لە واقوڕمانی بەرانبەر فتوحاتی سەربازی، چونکە گومانی تێدا نی یە کە ئیسلام شۆڕشێکی فێرکردنی بەرپا کرد کە بوو بەمایەی "پێگەیشتنی فیکری لە ناکاودا"و دیاردەیەکی لە ڕادەبەدەری پێکهێنا.

زانای ئەڵمانی مورتز کانتور دەڵێت: "گەلێك کە بۆ چەندین سەدە بە دابڕاوەیی مایەوە دوور لە کاریگەرە شارستانی یەکان کە بە دەورروبەریدا بە درێژایی ئەو مایەوە، لە پڕێکدا هەڵساو بیرو باوەڕ و یاساو زمانی خۆی سەپاند بە سەر نەتەوەکانی تردا بە شێوازێك کە نموونەی نی یە لە مێژوودا، ئەوە دیاردەیەکی سەرسوڕهێنەرە، هۆکارەکانیشی شایەنی ئەوەن لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت، چونکە ئێمە لەهەمان کاتدا دڵنیاین ئەو پێگەیشتنە ئەندێشەی یە کتوپڕە کە بەخێرای یەك دروست بوو لە خێرای ڕودانی تەقینەوە دەچێت، شتێك نی یە هەروا لە خۆیەوە هاتبێت".[1]

وتەی زانایەکی تریش کە (فلوریان کاجووری)ە یەکدەگرێت لەگەڵ بۆچوونی مورتز کانتور، کاجووری لە کتێبی "تأريخ تدوين الرياضيات"دا دەڵێت: "عەرەب دیاردەیەکی لە ڕادەبەدەر پێکدەهێنن لە مێژووی شارستانی یەتدا، ئەو هۆزە نەفامە دابەشبووانە لە نێوان خۆیاندا لە دوورگەی عەرەب، کە هیچ ئاشنایەکی نەبوو بە حوکمڕانیو جەنگ، توانەوە لە پەرۆشی ئاینیدا لە ماوەی دەساڵداو بوون بە نەتەوەیەکی بەهێز، ئینجا لەپاش سەد ساڵ لە فتوحاتی مەزن، بینیمان کە پێش نەتەوەکانی تر کەوتن لە چالاکی هزردا، موسوڵمانانیش بوونە زانایانی هەرەگەورەی سەردەمی خۆیان"[2] ئیسلام دووبارە کەسایەتی مرۆڤی دروستکردووە، وزە شاراوەکانی لە داهێناندا دەرخست لە پێناو زانستو کارکردن بۆ پێکهێنانی شارستانی یەکی مرۆڤایەتی هاوسەنگ، ئینجا بیردۆزەی زانستی ئیسلامی، بەو گشتگیریو تەواویو سازشکردنەی هۆکارێك بوو بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە قەوارەی مرۆڤایەتیو شێوازی کۆمەڵگا، ئەو بیردۆزەی کە قورئان تۆوەکەی چاندو سوننەت دەربڕی لە سەرەتای مێژووی ئیسلامیدا.

---

١) الدکتور سعيد معظم حسين: التعليم الاسلامی ١٢٨،

٢) هەمان سەرچاوە.

دەوڵەتی ئیسلامی تازە پێگەیشتوو هەڵسا بە ئەرکەکانی خۆی لە سەرەتای دروستبوونیدا، سەرکردایەتی یەکەی زۆر هۆشیار بوو بۆ پێویستی فێرکردن، لە کاتێکدا ڕووبەڕووی بەڕێوەبردنی دەوڵەتو پێویستی یە هەمەجۆرەکانی فێرکردن دەبوویەوە.

دەستپێشخەری یەکەمیش لە پێغەمبەرەوە بوو ﷺ، کاتێك فەرمانی کردە ئەوانەی خوێندەواریان هەیە نەخوێندەوارەکان فێربکەن، فەرمانیشی کردە هەندێ لە دیلەکانی جەنگی بەدر لاوەکانی ئەنصار فێری نوسین بکەن بەرانبەر ڕزگارانەی خۆیان، مامۆستایانیشی دەنارد ـ لە بارودۆخێکی ترسناکدا ـ بۆ بیابانەکان بۆ بانگەوازو فێرکردنی خەڵکی بۆ قورئانو تێگەیاندن لە ئاینەکەیان.

بە دەستپێکردنی برووسکەیەکیش لەلایەن دەوڵەتەوە، ئوممەت بە جارێ دەرپەڕی بۆ فراوانکردنەوەی بازنەی فێرکردن بە شێوەیەك کە دەوڵەت توانای ئەوەی نەبوو کە دەزگاکانی لەخۆ بگرێت یان سەرپەرشتی بکات.

بەم شێوەیش بزوتنەوەی فێرکردن وەرچەرخا بۆ حوجرەو بازنەی زانستو کۆڕ لە مزگەوتەکانداو لە ماڵی خودی زانایاندا، هەروەها بناغەی قوتابخانە فیکریە جۆراو جۆرەکان سەریانهەڵدا، وەکو قوتابخانەی ئەبو موسای ئەشعەری بۆ خوێندنەوەی قورئان (قراءات) لە بەصرە، قوتابخانەی عەبدوڵلای کوڕی مەسعود لە فیقهدا لە کووفە، قوتابخانەی عەبدوڵلای کوڕی عەباس لە تەفسیر لە مەککە، هەروەها هەردوو قوتابخانەی بەصرەو کووفە لە نەحو.

لەڕاستیدا لێپرسراوێتی دەوڵەت لە فێرکردن لە بازنەیەکی دیاریکراودا بوو، چونکە خەڵکی ئازاد کردبوو لە بواری فێرکردندا وێڕای ئەوەی کە پشتگیری دەکردنو هانی دەدان. گونجانیش لە ئامانجو ئاواتەکان یەکخستنی درووست کرد لە نێوان حکومەتو نەتەوەدا، چونکە بەرفراوانی بزووتنەوەی فێربوون هیچ هەڕەشەیەکی بۆ دەوڵەت دروست نەدکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە هێزو تەبایی بۆ دەستەبەر دەکرد، سەرەڕای زاڵنەبوونی بەسەریدا.

بێگومان ئازادی فێرکردنو دووری لە کۆنترۆڵ کردنی دەوڵەت، وەکو خاسیەتێك لەگەڵیدا هەرمایەوە بە درێژایی سەدەکانی ئاییندە، تا ئەوکاتەی قوتابخانەو زانکۆ سەرەتای یەکان سەریان هەڵدا، ئەوانەی کە دەوڵەت بەڕێوەی دەبردن، بەڵام خۆی لە ڕاستیدا لە ژێر سەرپەرشتی دەوڵەت نەبوون تەنها لە ڕووی یارمەتیدان نەبێت لە ڕووی دارایو کۆمەك کردنیان بۆ مانەوەیان، چونکە ئازادی فێرکردن هەر بەردەوام بوو پاش سەرهەڵدانی ئەو دەزگایانە. بنەمای (فێرکردن بە خۆڕایی)و

(فێرکردن بۆ هەمووان) لە بەخشینەکانی ئەو سەردەمە بوون، پیرۆزی فێرکردنو پەیوەندی بە بیرو باوەڕەوە وایکرد لە سەرانی، ئامانجیان خزمەتکردنی بنەما بێت لە جیاتی سوودوەرگرتنی ماددی، ئەم بنەمایەیش بۆ چەندین سەدە بەردەوام بوو، فێرکردن تیایدا نەتەوەیو ڕەمەکی بوو، بە هەموو واتایەك وشەکە هەڵیبگرێت، دەوڵەمەندو هەژار لێی سودمەند دەبوون، بەڵام بەشی هەژاران زیاتر بوو لە بەشی دەوڵەمەندان، چونکە زیاتر خۆیان بۆ یەکلای دەکردەوەو ناویان دەردەکرد، کورتیش نەکرابویە سەر چینی حوکمڕانو دەوڵەمەند، وەکو سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا ڕوویدەدا.

هەر لە سەرەتا بزووتنەوەی فێرکردن لە ئیسلام، زانست هاوشانی کردار بوو، بەدرێژایی سەدەکان بەربەست دروست نەبوو لە نێوان زانستو پێویستی یەکانی واقیعی ژیان، بەدەر لە هەندێ تەوژم کە بریتی بوو لە هەندێ لافلێدانی فیکریو ئارەزووی عەقڵیو بیردۆزەیی، دیارترینی ئەوانەش قوتابخانەی موعتەزیلە بوو کە نەیتوانی زاڵبێتە سەر گۆڕەپانی فیکریدا، ئەگەرچی بە پاڵپشتی دەسەڵاتو بۆ ماوەیەکی کەم قسەی سوار بوو لە سەردەمی عەباسی یەکاندا.

جووتبونی زانست لەگەڵ کردەوەدا یەکێك بوو لە گرنگترین ئەو بنەمایانەی ڕەنگی فەلسەفەی فێرکردنی لە ئیسلامدا کرد بە شێوەیەك کە لە براگماتی هاوچەرخ دەچوو لە شێوەکەیدا، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو لە ڕووی مادیەتو تەنها بۆ قازانج ڕوانینیدا، ئەم مۆرکە کرداریەش شوێنەواری پەروەردەیی قوڵی بەجێهێشت، شارستانیەتێکی درەخشانیشی لێکەوتەوە کە بەشداری کرد لە دروستکردنی کۆشکی شارستانی مرۆڤایەتی.

نەریتی فێرکردن لەلای موسڵمانان لەو سەردەمە قەرزدارە بۆ بنەمای (بەردەوامی فێرکردن) بەم شێوەیش پیاوانێکی زۆر بۆ زانست بەدرێژایی تەمەنیان لە پێگەیشتنەوە تاکو مردن، دەگمەنیشە زانایەك ببینین واز لە فێربوون بهێنێ یان وازبێنێت گەیشتووەتە پلەی تەواوبوونو بێ عەیبی. ئەگەر بێتو ئەو بنەمایە هەتاکو ئەمڕۆ زاڵبووبایە بە سەر ژیانی ڕۆشنبیریاندا، ئەمڕۆ بارودۆخێکی ترمان دەبوو لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری جیهاندا.

ئینجا ئیسلام گرنگی دا بە فێرکردنی گەورەکان "هاوەڵان لە تەمەنی گەورەیدا دەستیان کرد بە فێربوون"، بەڵام بنچینە ئەوەیە کە فێربوون لە منداڵیەوە دەست پێبکات، بەڵام ئەو کەسەی لە منداڵی بواری فێربوونی بۆ نەڕەخسا بۆ کاتی گەورەیشی دەرگاکە هەر والاتر دەبێت بۆی.

یەکێك لە دیارترین تایبەتمەندیەکانی فێرکردن لەو سەردەمە ئەوە بوو لەسەرکۆششی تاکەکەسەکان بنیات دەنرا، بنەمای"لە خۆوە فێربوون" زاڵبوو بەسەر چالاکی زانایانو قوتابیاندا، بۆ چەندان سەدەیش زانایان بە خۆیان هەڵدەستان بە ئاست بەرزکردنەوەی خۆیان لە رووی زانستەوە، بەبێ پەیوەندی کردن بە دەزگاکانی فێرکردنەوە، یان هیچ هاندەرێك لەلایەن حکومەتەوە، شیاوی باسیشە بنەمای "کەڵەکەبوونی زانست"و "کۆکردنەوەی زانست" یەکێك بوون لە تایبەتمەندیەکانی بزووتنەوەی فیکری لە سەدەکانی سەرەتا، لە ڕێگەی جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی وەرگرتن لە مامۆستاکان کە زۆر بوون، یان گەشتوگوزار لە پێناو زانستو کۆکردنەوەی، ئەوەش هەر لەسەردەمی ڕاشیدەکانەوە دەستی پێکردو بازنەکەی فراوان بوویەوە لە سەدەکانی دوایدا. دواتریش بوو بە مایەی هاوشێوەیی بیرکردنەوە و ئاڵوگۆڕی وێژەی و پارێزگاری لە یەکێتی ناسنامەی ڕۆشنبیری. هەروەها ـ دواترـ بوو بە مایەی ئەو لێکۆڵینەوانەی پەیوەستن بە شارو دانیشتوانو جوگرافیاو ئەمنسروپۆلۆجیا.

ئەم نیشانە گشتیانە بۆ سەرەتای فێربوون لە ئیسلامدا، دەقە جیاجیاکان پشتگیری لێدەکەن لە سەرچاوەکانی کەلەپوور کە سەرچاوەگەلێکن پێویستیان بە خوێندنەوەیەکی هاوچەرخ هەیە ئاگاداری بەهاکانی فێرکردنو نەریت بێت لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺو سەردەمی خەلیفە ڕاشیدەکانو سەردەمانی مێژووی ئیسلام و دوای ئەوان. هەروەها هەستێت بە دیاریکردنی بوارەکانی بەگەڕخستنیان بۆ مەبەستی بنیاتی ڕۆشنبیریو دەزگاکانی فێرکردنی هاوچەرخ، کە ئەویش پێناسەی ڕۆشنبیری بۆ نەتەوەکەمان دووپات دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا کرداری وەرگرتن و بەخشین لە نێوان ئێمە و ڕۆشنبیریە جیاجیاکانداو دەزگاکانی فێرکردنی هاوچەرخی هەمەجۆر.

باسی دووەم: دیدی ئیسلام بۆ زانست و فێرکردن

ئیسلام پیرۆزیەکی بەخشی بە زانست کاتێك بڕیاریدا: "فێربوونی زانست فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێك"[1]، چونکە بڕێکی دیاریکراو هەیە لە زانست پێویستە موسڵمان فێری ببێت سەبارەت بە خواپەرستنیو مامەڵەکردنی، بەڵام جۆرەکانی تر مەرج نی یە هەموو کەسێك فێری بێت.

چەندین فەرموودەیش هاتووە هانی فێربوونی زانست دەداتو بڵاوکردنەوەیو باسی چاکەی ئەو کەسە دەکات کە سەرقاڵی وەرگرتنو بەدەستهێنانی دەبێت، فێرخوازانی زانست فریشتەکان باڵیان بۆ ڕادەخەن[2] هەروەها فریشتەکان دەوریان دەدەنو بەزەیی خواو سوکنایان بەسەردا دادەبەزێت، خوای گەورەیش باسیان دەکات لای ئەو کەسانەی لای خۆین.[3]

هەوڵدان بۆ وەرگرتنی زانست کارێکە خوا دەیگونجێنێ بۆ مرۆڤ "من یرد الله به خیرا یفقهه فی الدین"[4]، واتە: کەسێك خوا بیەوێت چاکەی لەگەڵدا بکات لە ئایندا شارەزای دەکات. زانستیش وەکو سەروەتو سامانە، دەشێت بکرێتە صەدەقەو خێر: "من الصدقة ان یتعلم الرجل العلم فیعمل به ثم یعلمه".[5] بە خێر دەژمێردرێت کەسێك فێری زانست ببێتو کرداری پێبکاتو دوایی خەڵکی فێر بکات.

هەروەها فێربوونی زانست خوا پەرستنە، بۆیە پێویستە پێش هەموو شتێك کارەکەی بۆ خوا بێت: "من تعلم علما مما یبتغي به وجه الله، لا یتعلمه الا لیصیب به عرض الدنیا لم یجد عرف الجنة یوم القیامة"[6]

واتە: هەرکەسێك فێری زانستێك بێت لەو زانستانەی بۆ خوایە، مەبەستی لێی بەرژەوەندی یەکی دونیای بوو لە ڕۆژی دوایدا بۆنی بەهەشت ناکات.

---

١) اخرجه ابن ماجة: السنن ١: ٨١ حدیث رقم ٢٤٤.

٢) اخرجه ابن ماجة: السنن ١: ٨٢ حدیث رقم ٢٢٦ وفیه عاصم بن ابي النجود اختلط بآخره.

٣) اخرجه ابن ماجة: السنن ١: ٨٢ حدیث رقم ٢٢٥.

٤) اخرجه البخاري (فتح الباري حدیث رقم ٧١)، ومسلم: الصحیح ٢: ٧١٨.

٥) ابن عبد البر: جامع بیان العلم وفضله ١٢٣.

٦) أخرجه ابو داود: السنن حدیث رقم ٣٦٦٤، واحمد: المسند ٢: ٣٣٨.

کرداریش لێپرسراوێتیەکی ئاینی تێدایە کۆنترۆڵی ئاڕاستەی دەکات بەرەو چاکەو بەختەوەری مرۆڤ، قەدەغەشی لێدەکات کە لە ڕێگە لابداتو هەڕەشە بکات لە یەکسانیو ئاسایشی مرۆڤایەتی، لە قورئانیشدا هاتووە: (إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولـئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً).[1]

هەستیارەکانی مرۆڤ بەرپرسن لە ڕووی ئاینی یەوە لە زانست چ بۆ فێربوونی یان جێبەجێکردنی، زانایش پرسیاری لێدەکرێت دەربارەی زانستەکەی: "لا تزول قدما عبد حتى يسأل عن أربع خصال: عن عمره فيما افناه، وشبابه فيما ابلاه، وعن ماله من أين اكتسبه وفيما أنفقه، وعن علمه ماذا عمل فيه"[2]، واتە: هەموو کەسێك لە بەندەکان لە ڕۆژی دوایدا دەربارەی چوار خەسڵەت پرسیاری لێدەکرێت: دەربارەی تەمەنی لە چیدا لەناوی برد، هەروەها لاوێتی لەچیدا بەسەری برد، ئینجا ماڵەکەی لە کوێ بەدەستی هێناو و لەچیدا خەرجی کرد، هەروەها دەربارەی زانستیو چی پێکردووە.

هەستکردن بە لێپرسراوێتی ئاینی بوو بە مایەی دروستبوونی هەندێ ڕێکخەری ڕەوشتیو بنچینەی لۆجیکی (منطقی)و نەریتی گشتی، کە کاریگەریی خۆی لەسەر بزووتنەوەی فیکری بە جێهێشت، لەوانە پێویستی خۆ ڕازانەوە بە ڕاسپاردەی زانستی، چونکە زانا لە خۆیەوە قسەناکاتو بەرپرسە لە ڕاستی ئەو زانیاریانەی باسی دەکات: "فان من العلم ان يقول لما لا يعلم"[3]واتە: لە زانستە زانا بەو شتەی نایزانێت بڵێت نازانم. هەروەها زانا چرووك نی یە بە زانستەکەیو ناشیشارێتەوە، چونکە ئەو زانستەی کە هەیەتی دارایەکی تایبەت نی یە بە خۆیەوە بەڵکو "مافی گشتی" تێدایە، لەوانەیە زیاتر بێت لە مافی گشتی لەناو دارایی تاکە کەسدا.

هەر بۆیە لە قورئانو فەرموودەشدا هەڕەشە هاتووە دژ بە ئەو زانایانەی زانست دەشارنەوە، لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە (إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى مِن بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ أُولَـئِكَ يَلعَنُهُمُ اللّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ).[4] لە فەموودەشدا هاتووە: "من سئل عن علم

---

١) الاسراء ٣٦.

٢) اخرجة الترمذي بلفظ مقارب: الجامع حديث رقم ٢٤١٧ وقال: هذا حديث حسن صحيح.

٣) البخاري: الصحيح، كتاب التفسير: ٣٠، ٣٨، ٤٤، واحمد: المسند ١: ٤٣١.

٤) البقرة ١٥٩، ١٧٤.

نافع فکتمه جاء يوم القيامة ملجما بلجام من نار"[١]، واتە: کەسێك پرسیارێکی لێبکرێت دەربارەی زانستێکی بە سوود وەڵامەکەشی بشارێتەوە لە ڕۆژی دوایدا بە لەغاوێکی ئاگرین لەغاو دەکرێت.

مرۆڤیش بە زانایی لە دایك نابێت، بەڵام توانای بەدەست هێنانی زانستی هەیە بە هەوڵدان، چونکە خۆی لەسەر فێترەت لە دایك دەبێت، دایكو باوکیشی کاریگەری زۆریان هەیە لە گواستنەوەی هزرو بەهاو بیروباوەڕ بۆی. لە فەرموودەیشدا هاتووە: "إنما العلم بالتعلم"[٢]، واتە: زانست بەفێربوونە.

مادام فێربوونیش پیرۆزە، هەندێکیشی فەرزە لەسەر یەك بەیەکی کەسەکان، کەواتە دەبێت "فێرکردن بۆ هەموان" بێت، هیچ کەسێکی ماددی یان کۆمەڵایەتی ڕێگای پێنەگرێت، بەم شێوەیش بنەمای "خۆڕایی فێربوون" بلاوبوویەوە، ڕیوایەتیش هاتووە کە کرێ وەرگرتنی قەدەغە دەکات لەسەری، پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە ئوبەی کوڕی کەعب کە دیاریەك لە یەکێك لە قوتابیەکانی وەربگرێتو فەرموویەتی: "ئەگەر وەرتگرت کەوانێکی ئاگرینت وەرگرتووە"[٣]، واشدەردەکەوێت ئەم نەهیە دووبارە بووتەوە لەگەڵ عوبادەی کوڕی سامیتدا ـ ئەگەر گێڕەرەوەی فەرموودەکە هەڵەی نەکردبێت لە ناوەکەـ عوبادە فەرموویەتی: کەسانێکم فێری نووسینو قورئان خوێندن کرد لە ئەهلی سوفە، جا یەکێکیان کەوانێکی بەدیاری هێنا بۆم، منیش وتم: ئەوە پارە نی یە و لە ڕێگای خوا بەکاریدەهێنم ئەبێت بچم بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺو پرسیاری لێبکەم، چوومە خزمەتیو لێم پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا کەوانێکم بەدیاری بۆ هاتووە لە یەکێ لەوانەی فێرە قورئانو نوسینم دەکردن، پارەیش نی یە، لەپێناو خوادا تیری پێدەهاوێژم فەرمووی: ئەگەر حەزدەکەیت تەوقێکی ئاگرینت بەدەوردا بدرێت وەریبگرە"[٤]، ئینجا دەوڵەت لەسەردەمی خەلیفە ڕاشیدەکاندا دەستەبەری خەرجی دەکرد بۆ فێربوون هەندێ جار، جاری واشبوو کۆمەڵگا بەو ئەرکە هەڵدەستا، نەزانراوە کە خوێندکار خەرجی فێربوونی دابێت لەو سەردەمە.

لەبەر ئەوەیش کە زانست لە مێشکی زانایاندا دەپارێزرا، بە دەمیش دەگوێزرایەوە، بۆیە زانست پەیوەست بوو بە زانایانەوە، دەما بەمانەوەیان، کەمیشی دەکرد بە مردنیان، ئەمەیش ئاماژەی

١) اخرجه ابو داود: السنن حديث رقم ٣٦٥٨، والترمذي: الجامع حديث رقم ٢٦٤٩، وابن ماجة السنن حديث رقم ٢٦٦.

٢) البخاري: الصحيح، كتاب العلم ١٠.

٣) البيهقي: السنن ٦: ١٢٦.

٤) اخرجه ابو داود: السنن، كتاب البيوع، باب فى كسب المعلم حديث رقم ٣٤١٦ وفى اسنادة المغيره بن زياد ابو هاشم الموصلي صدوق له اوهام كما فى تقريب التهذيب لابن حجر.

پێکراوە لە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: "إنَّ الله لا يقبض العلم انتزاعا ينتزعه من العباد، ولكن يقبض العلم بقبض العلماء، حتى اذا لم يبق عالما اتخذ الناس رؤوسًا جهالاً فسألوا فأفتوا بغير علم فضلوا وأضلوا".[1] واتە: خوای گەورە زانست بە هەڵکێشان وەرناگرێتەوە لە بەندەکانی، بەڵام وەریدەگرێتەوە بە مردنی زانایان، تا ئەو کاتەی زانایەك نامێنێ خەڵکی سەرانی نەفام ڕادەگرن بۆ خۆیانو پرسیاریان لێدەکەنو ئەوانیش فتوا دەدەن بەبێ زانیاری، گومڕادەبنو گومڕا دەکەن، بۆیە سەیر نی یە ئەگەر مردنی زانایەك بە کەلێنێك لە ئیسلام بژمێردرێت،[2] چونکە زانایان میراتگری پێغەمبەرانن[3] زانستیان بە میراتگری لێوەرگرتوون، ئەم هەستکردنەش بە ترسناکی کەمبوونەوەی زانست بە هۆی مردنی زانایانەوە، گەورەترین هاندەر بوو بۆ هەڵبژاردنی زانایان بۆ ڕێگەی نووسینەوەی زانست، نەك تەنها لەبەرکردنی، کە ئەم هەڵبژاردنە گرنگی هەرە گەورەی هەبوو لە پاراستنی زانستەکانی ئیسلامدا، هێشتا سەدەی یەکەم ـ کە جیاوازیو مشتومڕی تێکەوت لەسەر نووسینەوەی فەرمودە ـ تێنەپەڕیبوو، سەرەتای دانانی کتێب دەستی پێکرد وەکو بەڵگەیەك لەسەر زاڵبوونی ئاڕاستەی نووسینی زانست. بەڵام لە هەمان کاتدا لەبەرکردنی زانست کۆتایی پێنەهات، بەڵکو جەختکردن لەسەری هەر بەردەوام بوو بۆماوەی چەندین سەدە، تاکو ئەمڕۆیش فێرکردنی ئیسلامی گرنگی لەبەرکردن دووپاتدەکاتەوە.

زانایانیش ـ لەبەر پەیوەست بوونی زانست پیانەوە ـ پلەو پایەو ڕێزی گەورەیان بوو لەو سەردەمەو سەردەمانی دوای ئەوانیش، شەعبی دەفەرموێت: "ئیبنو عەباس وابەستە بوو بە زەیدی کوڕی سابیتەوە، زەید پێی فەرموو: خۆت وابەستە دەکەیت بە منەوەو تۆ ئامۆزای پێغەمبەری ﷺ، ئیبنو عەباس فەرمووی: ئێمە وادەکەین لەگەڵ زانایان"[4] بەهەمان شێوە جارێکیش وایکرد لەگەڵ ئوبەی کوڕی کەعبو پی فەرموو: "زانا دەبێت مەزنو بەرز بێت".[5]

---

١) البخاري: صحيح (فتح الباري ١: ١٩٤ حديث رقم ١٠٠)

٢) الدارمي: السنن، المقدمة ٣٢.

٣) البخاري: صحيح، كتاب العلم ١٠.

٤) الخطيب: الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع ١: ١٨٨، وابن عبد البر: جامع بيان العلم وفضله ١: ١٢٨.

٥) الخطيب: الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع ١: ١٨٨.

باسی سێیەم: ڕێو ڕسم و نەریتەکانی فێرکردن

ڕێو ڕسمو نەریتەکانی فێرکردن لای موسڵمانان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر ﷺو سەردەمی خەلیفە ڕاشیدەکان، سەرەڕای ئەوەی بنچینەکانی گەلاڵە بوو بوو لەگەڵ ڕۆژاندا وەکو لە نووسینە پسپۆڕەکاندا دەردەکەوێت.

یەکێك لە کۆنترین ئەو ڕێو ڕەسمانەی زانراون ئەوەیە کە پەیوەندی بووە بە ڕێکخستنی کۆڕی زانستو بازنەی زانستی، بۆ نموونە پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە دانیشتن لە ناوەڕاستی بازنەکەدا،[1] هەروەها قوتابی دانەنیشێ لەنێوان دوو کەسدا بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لیان[2] ڕێگەشی داوە بە کەسێك دانیشێت ئەگەر ڕێگەی پێدرا:"ئەگەر هەر کەسێك لە جێگەی خۆی دانیشتو یەکێك براکەی خۆی بانگ کردو ڕێگەی بۆ کردەوە با بچێت، چونکە ئەوە ڕێزێکە لێی گرتووە، با دانیشێ"،[3] فەرمانیشی کردووە بە پاراستنی مافی هەموو کەسێك لە کۆڕەکەداو فەرموویەتی:"ئەگەر کەسێك لە جێگاکەی خۆی هەڵساو دوایی گەڕایەوە، خۆی مافدارترە پێی"[4] سوننەتیشە ڕێز بگیردرێت لە کۆڕی زانیاریو دەنگ بەرزنەکرێتەوەو ژاوەژاو نەکرێتو هێمنی بپارێزرێت.

ئوسامەی کوڕی شورەیك فەرموویەتی: "أتيت النبى ﷺ واصحابه كانما على رؤوسهم الطير".[5] واتە: هاتمە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ لەناو یارو یاوەرانی دەتووت باڵداریان لەسەر نیشتووەتەوەو دەترسن هەڵفڕێت.

ئەبو ئیسحاقی سوبەیعیش وەسفی ڕێکخستنی بازنەی زانستی لە کۆڕی هاوەڵ بەرائی کوڕی عازیب دەکاتو دەڵێت: ئێمە لای بەراء دادەنیشتین یەك لەدوای یەك.[6] ئەم دەقەش ئاماژە دەکات بۆ فراوانی بازنەکە.

١) اخرجه ابو داود: السنن ٤: ٢٥٨، والترمذي: الجامع حديث رقم ٢٧٥٣ وقال: هذا حديث حسن صحيح. والخطيب: الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع ١: ١٧٦.

٢) اخرجه ابو داود: السنن حديث رقم ٤٨٤٤، والخطيب: الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع ١: ١٧٨.

٣) اورده الهيثمي: مجمع الزوائد ٨: ٥٩ وقال :"رواه الطبراني واسناده حسن" واخرجه الخطيب: الجامع : ١٧٨.

٤) اخرجه ابو داود: السنن الحديث رقم ٤٨٥٣.

٥) اخرجه ابو داود: السنن رقم ٣٨٥٥ والخطيب: الجامع ١: ١٩٢.

٦) الخطيب الجامع ١: ١٧٤.

یەکێ لە کۆڕە بەنابانگەکانی زانست لەو سەردەمە کە لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ دەبەسترا، کۆڕی جابری کوڕی عەبدوڵلای ئەنصاری بوو[١].

زۆربەی ڕێو ڕەسمی قوتابیانی زانست لەگەڵ مامۆستاکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە، وەکو ڕێزگرتنی لە زانا، پێدانەگرتن لە دوای مۆڵەت و زۆر نەچوونە ماڵی زانا، دانبەخۆداگرتن لە کاتی وەرگرتنی وانە، ئارامگرتن لەسەر ناخۆشیەکانی فێربوونی زانست، هەموو ئەو نەریتانە دەتوانین وەریبگرین لە ئەم ڕیوایەتە کە عەبدوڵلای کوڕی عەباس دەیگێڕێتەوە، دەفەرموێت: "کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ وەفاتی کرد بە یەکێك لە ئەنصارەکانم وت: هەڵسە باپرسیار بکەین لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ، ئەمڕۆ ئەوان زۆرن، وتی: سەیرم لە تۆ دێت ئەی ئیبنو عەباس، تۆ وادەزانیت خەڵکی پێویستیان بەتۆ دەبێت، لە کاتێکدا ئەو هەموو یارو یاوەرانەی پێغەمبەر ﷺ یان تێدایە، ئیتر ئەو نەهات هیچ فێربێت، بەڵام من ڕووم کردە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ پرسیارم لێ دەکردن دەربارەی فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ، جاری وابوو هەواڵم پێدەگەیشت کە فەرموودەیەك لەلای فلانە کەس هەیە، دەهاتمە دەرگاکەی لەکاتی خەوی نیوەڕۆدا، پۆشاکەکەی خۆمم دەخستە ژێر سەرمو لەبەر دەرگاکەی دەمامەوەو باو تۆز دەهاتە سەرمدا، کە دەهاتە دەرەوە دەیووت: ئەی ئامۆزای پێغەمبەر ﷺ چی تۆی هێناوە؟ ئەی بۆ نەتنارد بەدوامدا خۆم بهاتبام بۆ لات، منیش دەمووت: من پێویستە بێمە خزمەتت، ئەمجا پرسیارم لێدەکرد دەربارەی فەرموودەکە. فەرمووی: ئەو پیاوە ئەنصاریە ئەوەندە ژیا تا دوایی منی بینی خەڵکی دەورەیان دەدام پرسیاریان لێدەکردم، ئەویش ئەیووت: "ئەم کوڕە لە من عاقڵتر بوو"[٢].

ڕیوایەتێکی تریش هەیە پەیوەندی نێوان زانا بچووکەکان لەگەڵ زانا گەورەکان ڕووندەکاتەوە لەو سەردەمە، چونکە ڕێزگرتن لە گەورە، بنەمایەکی ئیسلامی گشتیە، شتێکی باویش بوو لە ژیانی زانستدا، سەمورەی کوڕی جوندوب دەفەرموێت: "من لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ گەنج بووم، قسەکانیم لەبەر دەکرد، ئەوەشی ڕێگەی لێدەگرتم قسە بکەم ئەوە بوو کە پیاوی لە من گەورەتری تیا بوو"[٣] یەکێکی تر لەخاسیەتەکانی ژیانی موسڵمانان لەو سەردەمە، زوو لە خەوهەڵسانو دوای

---

١) ابن حجر: الاصابة ١: ٤٣٥.

٢) الخطيب: الجامع ١: ١٥٨ـ ١٥٩.

٣) الخطيب: الجامع ١: ٣١٨.

نوێژی بەیانی نەخەوتن بوو، بەڵام عەبدوڵڵای کوڕی عومەر پێی وابوو مەبەست لە فەرمودەکەی پێغەمبەر ﷺ: "اللهم بارك لأمتی فی بكورها" واتە: خوایە بەرەکەت بخەیتە کاری ئەوانەی سەرلەبەیانیانی زوو دەستبەکار دەبن. فەرموویەتی مەبەست لێی زوو دەرچوونە بۆ فێربوونی زانستو نوێژ لە ڕیزی یەکەم لە مزگەوتەکان.[1] لەراستیدا موسڵمانان هەر لەو سەردەمەوە وریابوونەوە بۆ گرنگیی زانست وەرگرتن لە منداڵیەوە، پێغەمبەری خوایش ﷺ ڕێنمونی کردن، منداڵان فێری چۆنێتی نوێژ بکەنو پەروەردەیان بکەن لەسەری لە تەمەنی حەوت ساڵاندا.

عومەریش (ڕەزای خوای لێبێت) پەردەی لەسەر لایەنێکی سایکۆلۆجی گرنگ ڕامالی کاتێك ئامۆژگاری هاوڵاتیەکانی دەکرد لە منداڵیەوە فێری زانست بنو فەرمووی: "تفقهوا قبل ان تسودوا"،[2] واتە: فێری زانست بن پێش ئەوەی ببن بە سەرگەورە، چونکە کەسی بەساڵاچوو و خاوەن پلەو پایە لە نێو کۆمەڵگا لەوانەیە لە خۆیان نەگرن پرسیار بکەن یان بچنە کۆڕەکانی زانست بە پێچەوانەوەی منداڵ، هەروەها عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) درکی بەوە کردبوو کە تیژی بیرو ئامادەیی بەهێز لەلای منالان هەیە، بۆیە بە پەرۆش بوو بۆ پرسیارکردن لیانو سوود وەرگرتن لە ژیریان. بنەمای "فێربوون لە منالی" بەردەوام بوو لەژیانی پەروەردەیی موسڵمانان تاکو ئەمڕۆیش، هەروەها فێرکردن لە چوارچێوەی شارستانی ڕۆژئاوادا لەگەڵ فێرکردنی ئیسلامیدا یەکدەگرن لە ڕەچاوکردنی ئەم بنەمایە.

پێغەمبەری خوایش ﷺ جیاوازیی ئامادەیی عەقڵیو توانینی تێگەیشتنی لە نێوان خەڵکیدا ئاشکرا کردووە لەم فەرموودەدا: "نضر الله امرءاً سمع منا حدیثاً فحفظه حتی یبلغه غیره، فرب حامل فقه الی من هو افقه منه، ورب حامل فقه لیس بفقیه".[3] واتە: خوای گەورە ئەو کەسە بگەشێنێتەوە کە گوی لە فەرموودەیەکمان دەبێتو لەبەری دەکات تاکو دەیگەیەنێتە کەسێکی تر، ڕەنگە کەسێك زانستێك بگەیەنێتە کەسێك لە خۆی زانا تر بێت، ڕەنگە هەڵگری زانستێك هەبێت کە خۆی زانا نی یە.

---

١) ابن حجر: الاصابة ١: ١٥٠.

٢) البخاري: صحیح (فتح الباري ١: ١٦٥ باب ١٥ باسناد صحیح).

٣) اخرجه الترمذي: الجامع، باب ماجاء في الحث علی تبلیغ السماع.

هاوەڵانیش ئەوەیان ڕەچاو دەکرد، بۆیە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود دەفەرموێ: پیاوێك باسی فەرموودەیەك دەکات بۆ کەسێك کە عەقڵی توانای تێگەیشتنی ئەو فەرموودەیەی نی یە، بۆیە دەبێتە مایەی سەرلێشێواندنی.[1]

هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود درکی کردبوو بە کاریگەری حاڵەتە دەروونیو لاشەیەکان لەسەر مەسەلەی وەرگرتنی زانست، راسپاردەشی کردبوو بە رەچاوکردنی: "دڵەکان ئارەزوو پێشوازیان هەیە، هەروەها لاوازیو پشت هەڵکردنیان هەیە، جا هەل بقۆزنەوە لە کاتی ئارەزوویداو وازی لێبهێنن لەکاتی لاوازیدا".[2]

هەروەها فەرموویەتی: "قسە بۆ خەڵکی بکە تا دڵیان لە لات بوو، ئەگەر دڵیان لە لات نەما ئیتر قسەیان بۆ مەکە، وتیان: نیشانەی ئەوە چی یە؟ فەرمووی: ئەگەر بە چاوەکانیان تەماشاتیان دەکرد، ئەگەر باوێشکیانداو شانیان دایە یەکتریەوە دیارە دڵەکانیان لای تۆ نی یە ئیدی قسەیان بۆ مەکە".[3]

ئیبنو مەسعوود ڕوونی کردوەتەوە کە ڕەچاوکردنی ئەو مەسەلەیە لە سوننەتەوەیە فەرموویەتی: "جاری وا هەیە شوێنەکانتانم پێدەوترێت بەڵام بەجێتان دەهێڵم بۆ ئەوەی بێزارتان نەکەم. پێغەمبەری خوا ﷺ ئازادی دەکردین لە هەڵبژاردنی ڕۆژ لەنێو ڕۆژەکاندا بۆ ئامۆژگاری لە مەترسی ئەوەی بێزار نەبین".[4]

عائیشە (رەزای خوای لێبێت) بە عوبەیدی کوڕی عومەیری وتووە: "ڕاستە دەڵێن دادەنیشیو خەڵکی بەدەورتدا دادەنیشن؟ وتی بەڵێ. وتی: ئامان خەڵکی بێزارو بێهیوا نەکەیت.[5]

ئینجا ڕێزگرتن لە پیتی عەرەبی کە وەحی خوای گەورەی پێنووسراوە جێگیر بوو لە دەروونی خەڵکی ئەو سەردەمەدا، چونکە قسەکانی خوای گەورەو فەرموودەکانی پێغەمبەری ﷺ پێنووسراوە، ئەم ڕێزگرتنە بەردەوام بوو لەلای خەڵکی تاکو چەندین سەدە، تا ئێستاش

١) الخطيب: الجامع ٢: ١٠٩.

٢) الخطيب: الجامع ١: ٣٣١.

٣) هەمان سەرچاوە ١: ٣٣٠.

٤) اخرجه البخاري (فتح الباري ١: ١٦٣ حديث رقم ٧٠) ومسلم: الصحيح ٤: ٢١٧٢.

٥) الخطيب الجامع ٢: ١٢٨.

شوێنەوارەکانی هەر ماوەتەوە لە دڵو دەروونی خەڵکیدا، کاتێك دەبینی کە ئامادەنین پیتی عەرەبی فڕێدەنە سەر زەوی.

بە هاوەڵی مەزنی پێغەمبەر ﷺ ئەنەسی کوڕی مالیك وترا (٩٣ك): "مامۆستاکان چۆن بوون لە سەردەمانی پێشەوایان ئەبو بکرو عومەر عوسمانو عەلی (ڕەزای خوایان لێبێت)؟ ئەنەس فەرمووی: مامۆستا کوپێکی گلێنەی هەبوو، هەموو منالێك لەنۆرەی خۆیدا ئاوێکی دەهێناو تێی دەکرد، بۆ ئەوەی نووسراوی سەر تەختەکانیانی پێ بسڕنەوە. ئەنەس فەرمووی: دوایی چاڵێکیان لە زەوی هەڵدەکەندو ئەو ئاوەیان تێدەکردو وشك دەبویەوە، وتم: ڕات چۆنە بسڕێتەوە؟ فەرمووی: خراپ نی یە، بەڵام بەپێ نابێت، بە دەسەسڕێك یان شتێکی تر، وتم: ئەی ئەو شتانەی خوێندکارەکان لە حوجرە دەینوسن؟ فەرمووی: ئەوەی ناوی خوای تیایە نابێت بە قاچ بسڕێتەوە، بەڵام بۆ شتی تر قەیناکە ئەگەر ئایەتی قورئان نەبێت"[١]، ئەم وێنە شەنگە بەڕاستەقینە دەربڕین دەکات لەوەی کە لە دەروونی ڕۆڵەکانی ئەو سەردەمەدا بووە بەرانبەر بە پیتی عەرەبی کاتێك سروشی خوای گەورەی پێنووسراوە، ئاوی پاکیان هەڵبژاردووە بۆ سڕینەوەی دواتریش ئاوەکەیان کردووەتە ناو چاڵێك بۆ ئەوەی وشك بێتەوە.

هەروەها ئەم ڕیوایەتە بوونی جێگای خوێندنو مامۆستا دەسەلمێنێ لە سەردەمی ڕاشیدەکانو بەکارهێنانیان بۆ تەختە.

لەراستیدا دەرچوونی هاوەڵان لە مەدینە بۆ شارەکانی تر لە سوپاکانی فەتحدا کاریگەری زۆری بەجێهێشت لە بڵاوبوونەوەی زانستو زانایان، هەندێ نەریتی زانستی سەریهەڵدا تاکو چەندین سەدە هەر بەردەوام بوو و شوێنەوارێکی قوڵیشی بەجێهێشت لەبەردەوامی بزوتنەوەی زانستی لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی، هەروەها لە یەکخستنی ڕێوڕەسمو ڕێبازو نەریتە زانستیەکانو نزیککردنەوەی دیدی زاناکانی تر، هەروەها لە دووبارە کۆکردنەوەی زانستی بڵاوبوو، ئەوەیش بریتی بوو لە گەشتو گوزار لە پێناو بە دەست هێنانی زانستدا. بۆ نموونە جابری کوڕی عەبدوڵڵا ماوەی یەك مانگ ڕێگای بڕی تاکو گەیشتە شام بۆ ئەوەی گوێ لەیەك فەرموودە بێت پێشتر نەیبیستبوو، بەڵام عەبدوڵڵای کوڕی ئەنەس[٢] بیستبووی لە پێغەمبەری خوا ﷺ، هەروەها سەفەری کرد بۆ

---

١) ابن سحنون: آداب المعلمين ٤٠ـ ٤١.

٢) البخاري: الصحيح ١: ٢٩، والخطيب: الجامع ٢: ٢٢٥، وابن عبد البر: جامع بيان العلم وفضله ١: ٩٣.

میصر بۆ چاوپێکەوتنی مەسلەمەی کوڕی موخەللەد (ڕەزای خوای لێبێت) بە مەبەستی گوێگرتن لە فەرموودەیەك[1]، هەروەها حاریسی کوڕی موعاویەی کیندی سوار بوو بۆ لای عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) پێی فەرموو چۆن هاتی؟ وتی: بۆ پرسیارکردن دەربارەی سێ شت، فەرمووی: ئەوانە چین؟ وتی: جاری واهەیە لەگەڵ ئافرەتێکدا لە ژوورێکدا دەبینو کاتی نوێژ دێت، ئەگەر پێکەوە نوێژ بکەین بە تەنیشتمەوە دەبێت، ئەگەریش لە پشتمەوە نوێژبکات لە ژوورەکە دەردەچم، عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: پەردەیەك دابنێ لە نێوانتانداو با بەتەنیشتتەوە نوێژ بکات ئەگەر ویستت. وتی: ئەی دەربارەی دووڕکاتەکەی دوای عەصر؟ فەرمووی: پێغەمبەر ﷺ نەهی لێم کردووە کە بیانکەم، وتی: ئەی دەربارەی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان؟ فەرمووی چۆنت پێخۆشە. وەکو چۆن بڵێی پێی ناخۆش بوو لێی قەدەغە بکات، وتی من پێم خۆشە بەڕاو بۆچوونی تۆ کاربکەم. فەرمووی: دەترسم بەسەرهاتەکان بگێڕیتەوە، خۆت لەوانە بە گەورەتر بزانیت، هەر بگێڕیتەوە تاکو وابزانی لە سەرووی ئەوانەوەی، خوای گەورەیش بتخاتە ژێر پێی ئەوان لە ڕۆژی قیامەتدا.[2]

ئەبو ئەیوبی ئەنصاریش سەفەری کرد بۆ لای عوقبەی کوڕی عامیر لە میصر، بۆ ئەوەی گوێبیستی یەك فەرموودە بێت، ئەویش: "من ستر علی أخیه فی الدنیا، ستر الله علیه فی الآخرة". واتە: هەرکێ ستری برایەکی بکات لە دونیادا خوای گەورە لە قیامەتدا ستری دەکات. ئیتر کۆڵی سەفەرەکەی نەکردەوە تاکو گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی.[3]

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودیش دەفەرموێت: "ئەگەر بمزانیبا کەسێك هەیە لە خۆم شارەزاتر بە قورئان وشتری پێبگەشتایە دەچوومە لای"[4]

ڕێگاکانی وەرگرتنی زانست لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺو سەردەمی ڕاشیدی، بریتی بوون لە (السماع والعرض والمذاكرة والسؤال) واتە: گوێگرتنو خستنەڕوو پێداچوونەوەو پرسیارکردن. متمانە کردنیش بە وانەی دەمی بوو، نەك کتێب، کە ئەوە شێوازی متمانە پێکراوی پێغەمبەر بوو ﷺ لە

---

١) الخطيب: الرحلة فى طلب الحديث ٥٦.

٢) المتقي الهندي: كنز العمال ٥: ٨٥٥ نقلاً عند مسند احمد وسنن سعيد ابن منصور.

٣) ابن عبد البر: جامع بيان العلم وفضله ١: ٩٣ـ ٩٤، والخطيب: الكفاية ٤٠٢، والخطيب: الرحلة فى طلب الحديث ٥٦، والخطيب: الجامع ٢: ٢٢٦.

٤) الخطيب: الكفاية ٤٠٢.

ڕوونکردنەوەی هێماکانی ئیسلامو بلاوبوونەوەی[1] سەبارەت بە نامەی نووسراویش لە بازنەیەکی دیاریکراودا.

هەندێ لە هاوەڵانیش ئەم شێوازەیان بە بەشێك لە سوننەت زانیوە، ئەبو سەعیدی خودری دەفەرمووێت: "بۆتان نانووسینو نایەڵین قسەکانمان ببێتە قورئان، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموودەی بۆ دەگێڕاینەوەو ئێمەیش لەبەرمان دەکرد، ئێوەیش قسەکانمان لەبەر بکەن چۆن ئێمە قسەی پێغەمبەرەکەتانمان لەبەر دەکرد"[2]

گوێگرتن بلاوترین شێوازی زانست فێربوون بوو لەبەر کەمی بابەتە نوسراوەکان، قوتابییەکان لە ڕێگەی بیستنەوە زانیاریەکانیان وەردەگرت لە مامۆستاکەیان دوای ئەوەی ئەو لەبەری کردووە.

وانەوتنەوەیش پێویستە بە شێوەیەکی ڕوونبێت، لەوانەشە مامۆستاکە جەخت بکات لەسەر واتاکە بە دووپاتکردنەوەی بۆ ئەوەی گوێگر بە تەواوی فێری ببێت، ئەمە شێوازی پێغەمبەریش بوو ﷺ لە فێرکردندا.

عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) ناڕەزای دەربڕی بەرانبەر ئەبو هورەیرە کاتێك بینی فەرموودە بە پەلە پەل دەگێڕێتەوە، ئیتر بە عوروەی خوشکەزای وت: "چاوت لە ئەبو هورەیرەیە!؟ هاتووە نزیك ژوورەکەم دانیشتووە فەرموودە لە پێغەمبەر ﷺ دەگێڕێتەوەو بەگوێ منی دەداو من نوێژم دەکرد، پێش ئەوەی نوێژەکەم تەواو بکەم هەڵساو ڕۆیشت، ئەگەر فریای کەوتبام بەرپەرچم دەدایەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ ئا بەم شێوەیە بەپەلە قسەی نەدەکرد"[3]، سەبارەت بە خستنەڕوو (العرض): ئەوەیە کە قوتابی لە نوسخەیەکی نوسراودا بخوێنێتەوە بۆ مامۆستاکەی.

زەیدی کوڕی سابیت دەفەرمووێت: "من وەحیم دەنوسی لەلای پێغەمبەری خوا ﷺ... ئەو پڕیدەکردوە بەسەرمداو من دەمنوسی، من تەواو نەدەبووم تا خاودەبوویەوە، کە تەواویش دەبووم دەیفەرموو: بخوێنەرەوە بۆم، ئەگەر هەڵەیەکی تیادا بوایە ڕاستی دەکردەوە، ئەمجا دەیبردە دەرەوە"[4].

---

١) صالح العلي: دراسات في تطور الحركة الفكرية ١٩.

٢) الخطيب: تقييد العلم ٣٨.

٣) البخاري: الصحيح حديث رقم ٣٥٦٨، والخطيب: الجامع ١: ٢١٤.

٤) ذكره الهيثمي: مجمع الزوائد ١: ١٥٢ وقال: "رواه الطبراني في الأوسط ورجاله موثوقون". والخطيب: الجامع لأخلاق الراوي وادآب السامع ٢: ١٣٣.

ئەوکاتەش کە بەشیری کوڕی نوهەیك ویستی بڕوات لەلای ئەبو هورەیرە، ئەو نووسراوانەی هێنا کە لە زاری ئەبو هورەیرەوەی نووسیبوو جارێکی تر خوێندنیەوە بەسەریداو وتی: ئەمانەم لە تۆ گوێ لێبووە؟ فەرمووی: بەڵێ"[1].

زانایان ـ دواتر ـ ئەم پێشبینانەیان کرد بە بەڵگە لەسەر پێویستی بەراوردی لەنێوان بەشی نووسراو لەگەڵ ئەو بنچینەی لەسەری نوسراوە. ئینجا لە عەلیەوە ڕیوایەت کراوە کە فەرموویەتی: "خوێندنەوە بەسەر زانادا وەکو گوێگرتنە لێی[2] لە عەبدوڵلای کوڕی عەباسیشەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: "بخوێننەوە بۆم چونکە خوێندنەوەتان بۆ من وەکو خوێندنەوەی منە بۆ ئێوە"[3].

بەڵام پێداچوونەوە، ئەبو نەزرەی عەبەسی دەربارەی دەفەرموێت: "هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ کە کۆدەبوونەوە پێکەوە باسی زانستیان دەکردو سورەتێکیان دەخوێندەوە"[4].

هاوەڵی مەزنیش ئەبو سەعیدی خودری ڕاسپاردە دەکات بەپێچەوانەوە بۆ چەسپاندنی زانیاریەکانو دەفەرموێت: "قسە بکەنو بە زانیاریەکانتانا بێنەوە چونکە گفتوگۆ شت بەبیر دەهێنێتەوە"[5]

پێداچوونەوە تەنها لەبواری فەرموودەدا نەبوو، بەڵکو لە فیقهیشدا بوو، چونکە جارێك ئەبوموسای ئەشعەری هاتە خزمەت عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێت) دوای نوێژی عیشا بوو، عومەر پێی فەرموو: چی هێناتی لەم کاتەدا؟ وتی: دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم، فەرمووی: لەم کاتەدا؟ وتی: دەربارەی زانستو فیقه، ئیتر عومەر دانیشت بە درێژی پێکەوە گفتوگۆیان کرد، دوای ئەوە ئەبوموسا وتی: نوێژ ئەی ئەمیری بڕواداران. عومەر فەرمووی: ئێمە لە نوێژداین"[6].

سەبارەت بە پرسیارکردنیش، شێوازێکە باوبوو، چونکە هاوەڵان پرسیاریان دەکرد لە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی ئەو شتانەی دەهاتە ڕێگایانو پێویستیان بە حوکمی ئیسلام بوو تیایدا.

---

١) الخطيب: الجامع ٢: ١٣٤.

٢) الرامهرمزي: المحدث الفاصل ٧٦ب.

٣) الترمذي: الجامع ٢: ٣٣٧.

٤) الخطيب: الجامع ٢: ٦٨.

٥) اورده الهيثمي: مجمع الزوائد ١: ١٦١ وقال: رواه الطبراني في الاوسط و رجاله رجال الصحيح. واخرجه الخطيب: الجامع ١:٢٣٧.

٦) المتقى الهندي: كنز العمال ١٠: ٢٥٣.

دەشگێڕنەوە لە عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) هانی پرسیارکردنی زانستیداوەو فەرموویەتی: "ئایا کەسێك نی یە پرسیارێك بکاتو سودمەند بێتو سوودبە دانیشتوانیش بگەیەنێت؟".[١]

١) المتقی الهندي: کنز العمال ١٠: ٣٠٢.